# بەرنامەی (zang)ی بەختیار سەعیدیش خۆمان خۆش

## هەنسک بەرلووتی

hansk_barluty@yahoo.com

چرکەساتەکانی ئازادی رادەبرین لە هەرێمی کوردستانی باشوور وەک رەشەبا وایە، تا ئەو سنورەی ئازادی را دەربرین کە ئامانجەکانی بەرپرسان نەخاتە مەترسیەوە، گرنگ نیە وڵات بۆ کوێ هەنگاو دەنێت، تەنیا هێندە گرنگە بەرپرسان لە پۆستەکانیان دڵنیابن و گەندەڵیەکانیان هەر شاراوە بێت..

بەختیار سەعید وەلێ کادرێکی دڵسۆزی حزبەکەیەتی لە هەمانکاتدا یەکێک بووە لە دەنگە دلێر و دڵسۆزەکان بۆ خستنەرووی کێشە رۆژانیەکانی خەڵک لە هەرێمی باشووری کوردستان..

بەختیار سەعید لە کەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی خودان بەرنامەیەکی بەهێز بوو بەناوی(زەنگ) کاتێک گەندەڵی و پرۆژە ناتەواوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی باشوور دەخستە چوارچێوەی گفتوگۆی بەرپرسان و هاووڵاتیان دنیایەک ئەزموونی نوێی گەندەڵی بەدەردەکەوتن، بەڵام سنوری ئازادی تا ئەو شوێنە هەیە کە وتمان ئەمنی(بەرپرسەکان)نەک(قەومی) نەخاتە مەترسیەوە..

لە دیمانەیەکی کوردستان بۆ هەواڵ( www.kurdistan4nwes.com ) بەختیار سەعید مەرگی بەرنامەکەی راگەیاند و لە خودی دیدارەکەدا دەردەکەوێت کە بەختیار بە هۆی ئەو بەرنامەیەوە کەوتووەتە ژێر گوشاری توندی بەرپرسانی هەولێر....

من لەوە دڵنیام ئەگەر لە تیڤیەکانی ئێمەدا خاڵێک رەچاو نەکرێت هەرگیز ناتوانیت بەردەوام بیت، ئەویش پاراستنی کەسایەتی نامەسئول و شاردنەوەی گەندەڵیەکانی بەرپرسانە..

کارەسات لەوێوە دەستپێدەکات کە حزب یا حکوومەت توانای هەزمکردنی رەخنە و پێشنیاری کادری خۆی نەکات....

من لێرەدا بۆ بەختیار ناپاڕێمەوە بەقەدەر ئەوەی خستنە رووی راستیەکانم مەبەستە.. بەختیار پەکی ناکەوێت، بەڵام وەڵامدانەوەی بەرنامەکەی بەختیار ئەوە بوو کە چیدیکە نابێت رەخنە لە بەرپرسی گەندەڵ بگیرێت....